# کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال،شرۆڤەی هەڵوێستەکان  و ئاکامەکان

## چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێزان: د.بورهان یاسین،پۆڵا سەعید،عەبدوڵا مەحمود،بەختیار کەریم و خەتاب سابیر دا.

پاش ئەوەی د.کەمالی سەید قادر چەند وتارێکی توندی ئاراستەی دەسەڵاتدارانی پارتی و کەسی  یەکەمی ئەو حیزبە کردەوە،بۆیە دوای گەرانەوەی لە2005-10-26دا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو پارتەوە گیرا.گیرانی د.کەمال گێرەوکێشەو هەرایەکی زۆری لێکەوتەوە.د.کەمال بەم کارەی سەرئێشەیەکی باشی بۆخۆی  و بۆ پارتیش دروستکرد.بەڵام ئەوەی حاشا هەڵنەگرە د.کەمال گۆمێکی شڵەقاند کە بەرد خستنەناوی ئاستەم بوو، ماوەی زیندانیکردنی دکەمال کە نزیکەی شەش مانگی خایاند گەلێک کەس لەم کێشەیەیدا  قسەی خۆیان کرد.هەندێک بۆ مەرام و دامرکاندنەوەی رقی تایبەتی خۆیان بەرامبەر بە پارتی و زۆرێکی تریش وەک خەمخۆرێک بۆ بەرقەرار کردنی ئازادی سیاسی بەم کێشەیەوە پەیوەست بوون و هاتنە دەنگ.لەم نێوەندەدا کەمپەینێک بۆ ئەم کێشەیە هاتە ئاراوە ،بە ناوی کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمالی سەید قادر لە چەند کەسێک وەک کۆمیتەی سەرپەریشتیکار کەوتنە دیفاع لەم کێشەیە.لە ئێستاداو پاش ئازدکردنی د.کەمال ،بەباشمان زانی بەشێک لە کۆمیتەی سەرپەریشتیکاری ئەو کەمپەینە بە ورووژاندنی چەند پرسیارێک بهێنینە قسە،تا لەزاری خۆیانەوە گوێبیستی شرۆڤەی ئاسۆو ئامانج وهەڵوێست وبەرەنجامەکان وپەندو وانەکانی کەمپەین بین.

## مەجید دڵنیا- ئەڵمانیا- 14-04-2004

1- هەر جۆرە کەمپەینێک ئاسۆوئامانجی خۆی هەیە،ئێوە وەک سەرپەرشتیکاری کەمپەین مەبەستتان بوو چ جۆرە پەیامێک بدەنە دەسەڵاتی کوردیی؟

### د.بورهان یاسین

پێشەکی سەرهەڵدانی کەمپەینی ئازادیی بۆ د. کەمال سەید قادر، لە ژێر درووشمی ئازادیی بێ مەرج و شەرتی د. کەمال، خۆی لە خۆیدا پەیامێکی زۆر گرینگ بوو. بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی بزاڤی سیاسی کوردستاندا کەمپەینێکی بەم قەوارەیە و بەو ماهیەت و مانایە دەوڵەمەندانەی کە لە خۆی گرتبوو سەرهەڵبدات. یەکێک لەو شتە گرینگانەی کە تایبەتمەندی هەرە گرینگ و بەرچاووی کەمپەین بوو ئەوە بوو کە کەمپەین لە کۆمەڵێ ناوەندی راگەیاندن و کۆمیتەی وڵاتان و کۆمیتەی سەرپەرشتیکار و کەسایەتی رەوشەنبیری و سیاسی جودا جودا پێکهاتبوو. لە گەڵ ئەوەشی کە هەندێ گرفتیش لە تاکتیک و شێوەی کارکردندا سەریان هەڵدا، بەڵام خۆشبەختانە توانرا بە گشتی هاوسەنگی  و هاوئاهەنگی لە نێوان ئەو هەموو ناوەند و کۆمیتانەدا بپارێزرێ. پاراستنی کەمپەین بەو شێوەیەی کە هەبوو یەکێک بوو لەو  پەیامە هەرە گرینگانەی کە لە کەمپەین کەوتەوە.

بە هەر حاڵ مەبەست لە کەمپەین دانی کۆمەڵێ پەیام بوو:

1) کێشەی ئازادیی روو لە ناوەخۆ، مەسەلەیەکی گرینگە: لەو رووەوە وا دیارە بۆ هەمووما‌ن ئاشکرایە کە ساڵانێکی زۆرە بزاڤی سیاسی کوردستان *روو لە دەرەوە*  (لە دوژمنان و داگیرکەران) دروشمی ئازادیی بەرزکردۆتەوە. لە بەرامبەر ئەوەشدا پرسی ئازادیی *روو لە ناوەوە* کرابوو بە پرسی دوارۆژ بە بیانووی ئەوەی کە کورد خاوەن دەسەڵاتی خۆی نیە و لەبەر ئەوەش ناتوانێ *جارێ* باسی ئازادیی *روو لە ناوەوە* بکات. رووداوی د. کەمال سەید قادر وە ئەو کەمپەینەی لێی کەوتەوە و ئەو باس و خواسانەشی کە لە بەردەوامی ئەو کێشەیە کران گرنگی ئەوەیان بە شێوەیەکی جیدی هێنایە ناوەندی باس و دەمەتەقێ کە بەڵێ پرسی ئازادی روو لە ناوەوە چیتر پرسی دوارۆژ نیەو بەڵکو بگرە پرسێکی زۆر هەنووکەییشە. ئەو بەهانەیەی کە کورد بە دوژمن دەوری گیراوە باری ناسکە، چیتر نەیتوانی ببێتە رێگر لەبەردەم خەبات بۆ ئازادی تاکەکەس روو لە خودی دەسەڵاتی کوردی.

2) یاساکانی بەعس: هەر زوو دوای حوکمدانی د. کەمال بە 30 ساڵ زیندانی، ئەوەمان جەخت کردەوە کە ئەو یاسایانەی کە د. کەمالیان پێ حوکمکراوە پاشماوەی سیستەمی بەعسن وە کاتی خۆی ئەو جۆرە یاسایانە بۆ ترس و تۆقاندن و بەرجەستەکردنی دەوڵەتی پۆلیس بەرهەمهێنرابوون. جێبەجێکردنی یاساکانی بەعس، بە هەندێ زیادەشەوە، لە رووی پراکتیکیەوە دەربڕی تراژیدیایەکی نەتەوەیی بوو بۆ گەلی باشووری کوردستان: دوای 15 ساڵ لە دەسەڵاتی خۆیی و دوای  3 ساڵیش لە کەوتنی رژێمی بەعس هێشتا دەسەڵاتی کوردی یاساکانی ئەو رژێمە جێبەجێ دەکات. . . من لەو

باوەڕەدام کە دەسەڵاتی پارتی بەم پەیامە یەکجار شلەژا وە سەرۆکوەزیرانی دەسەڵات (نێچیرڤان بارزانی) خۆیشی پەنجەی لەسەر ئەم ڕاستیە دانا و نیگەرانی خۆی بەرامبەر ئەم ڕاستیە پیشاندا. . .

3) چەواشەکردن و دەسەڵاتی داخراو: دەسەڵاتی پارتی لە مەڕ کێشەی د. کەمال زیاتر چەواشەکردن و مەنتقی داخرانی هەڵبژارد. لە مامەڵەکردنی دەسەڵات ڕوو لە ناوەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری وە ڕوو لە دەرەوە (واتە ڕوو لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی) تا بۆی کرا ڕاستیەکانی کێشەکەی شێواند و سیاسەتی شاردنەوەی هەلبژارد تا سیاسەتی کرانەوە و ڕاستگۆیی. وە ڕوو لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی گوتاری دەسەڵات دەربارەی هەموو ئەو ڕخنە و گوشارانەی لەم کۆمەڵگەیەوە (فەرمی و نافەرمی) کران بەرامبەر بە دەسەڵاتی کوردی (پارتی) ئەوەبوو کە بەڵێ هیچ هێزێکی دەرەوە هەر چەند گەورەش بێت ناتوانێت دەست لە کاروباری ناوەخۆ و پرۆسەی دادەوەری هەرێمی کوردستان وەردات. . . لە ڕاستیدا پەیامی ئێمە لەم بارەیەوە بۆ دەسەڵات ئەوەبوو کە مامەڵەکردن بە عەقلیەت و مەنتیقی چەواشەو داخراو و خۆ بە زلزانین لە بەرامبەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، ڕێک ئەم دەسەڵاتە کوردیە دەخاتە خانەی ڕژێمە داخروە دۆڕاوەکانەوە. . . پەیامێکیش ئەوەبوو کە بەردەوامبوونی ئەم دەسەڵاتە لە چەواشەکاری و شاردنەوەی ڕاستیەکان لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم دەسەڵاتە کوردیە *متمانە و ڕێزی* خۆی لە ناو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا لەدەست بدات، وە ئەگەر ئەوەش ڕوویدا ئەوا نەک هەر خودی دەسەڵات بەڵکو تەواوی کورد لە باشووری کوردستان دووچاری زەرەرێکی سیاسی و دیپلۆماسی گەورە دەبێتەوە. . . بە بۆچوونی خۆم، ئەگەر چی درەنگیش کەوت، بەڵام وا دەزانم دەسەڵاتی پارتی لە چرکەساتەکانی هەرە دوایی ململانێ لەسەر کێشەی د. کەمال لەم ڕاستیە گەیشت. . .

2- پێم وابێ ئەو کەمپەینەی بۆ د.کەمال بەرێخرا،وەک ئەزموونێک بەرامبەر دەسەڵاتی کوردی،کەمپەینێکی کەم وێنە بوو.بەتایبەت کەمپەین فۆرمێکی فراوان ونەفەسێکی درێژی لەخۆگرت.دەکرێ بپرسین ئێوە وەک کۆمیتە چۆن بیرۆکەی کەمپەینتان لا گەڵاڵە بوو، ئایا ئەو سەدان واژۆکۆکردنەوەیە و بەتایبەت نووسەرانی کوردستان چۆن دەستتان پێیان گەیشت؟. ئایا هیچ حیزبێکی سیاسیی لە هەوڵی قۆرغکردنی ئەم کەمپەینەدا نەبوو؟

خەتاب سابیر:

لە ڕاستییدا بیرۆکەی کەمپەین لەدڵی زۆربەی ئازادییخوازاندا بەشێوازی جۆراوجۆر و خۆڕسک دروستبوو، ژووری کوردستان یونایتید لەپاڵتۆک گەرموگوڕییەکی زۆری بە پێوەندییەکان دا ، لەسەرەتادا زەحمەتێکی زۆرمان ویست بۆ لەیەکگەیشتن، بەڕاستیی زەحمەتە لەچەندین وڵاتەوە تۆ دەموچاوی یەکێکت لەژیانتا نەدیبتبێ و بۆ کارێکی لەم چەشنەش کاری لەگەڵدا بکەی. هەبوو بۆ خۆسەپاندن بەسەر کەمپەینەکەدا هاتبوو تا بە خولیاو حەزی ئەو هەڵبسوڕێ ، هەبوو بەشێوەیەکی زۆر پاتریارکی بیری دەکردەوەو هەموومانی بە بەردەست و موریدی خۆی دائەنا . هەمان بوو زوو حەوسەڵەی چوو وازی هێنا و لەکەناڵی جیای خۆیەوە درێژەی بە چالاکییەکانی دا. بەڵام بۆ من زۆر جێگەی خۆشحاڵییە باشترین و ئازادییخوازترین مرۆڤەکانی ناسیبێتم لە ژیانمدا لەم ماوەیەدا بوو.

سەبارەت بەکۆکردنەوەی واژۆکان، بیرۆکەکەی زێتر بیرۆکەی د.بورهان ومن بوو، بەهەندێ چوارچێوەی گشتیی و سەرهێڵە سەرەکییەکانی کەمپەینی ئازادیی، داوام لە د.بورهان کرد، چەند سەردێڕێ بنووسێ، د.بورهان چەند دێڕێکی بەلاتینی نووسی و بۆ منی ڕەوانەکرد، منیش ناوەڕۆکی کڵێشەکەم نووسی و ئەو بۆچوونانەی د.بورهانم تێدا جێکەوت کرد. لەسەرەتادا زۆر باوەڕمان ناکرد، کە نووسەرانی کوردستان بەوەڵام بێن ، لەرێگەی بەڕێزان فوئادی مەجید میسریی و شێرزاد حەسەنەوە پاش چەندین تەلەفۆن کردن و ئاخاوتن لەگەڵیاندا کلێشەکەمان گەیاندە دەستی نووسەرانی ناوەوە، زۆربەی هەرە زۆریان زۆر بە گەرمیی و خۆشحاڵییەوە قەبووڵیان کرد، جگە لەد. فەرهاد پیربال نەبێ کەهەر وەڵامی نەداینەوەو تەنانەت تەڵفیسیی بەکەمپەین و د.کەمالیش کردبوو، هەموویان وەڵامیان پۆزەتیڤ بوو.

شێرزاد حەسەن پێشتر ناوی کۆمەڵێ ڕۆشنبیر و نووسەری ناردبوو، من ئەو ساتەی کە ئیمەیڵی بەختیار عەلیم پێ گەیشت و ناوی چەندین نووسەری تری بۆمان نارد ، ئەو مرۆڤەم لا ئەوەندەی تر خۆشەویست تر بوو، کە چەند پەرۆشی ئازادیی و مافی مرۆڤەو چەندیش بەگیان هەردوو دەسەڵات خڕەو، لەئاست ڕاستیی و ئازادییدا سازش لەسەر هیچ شتێک ناکات، بەڵێ زۆر خاکییانە ئیمەیڵێکی نووسیبوو دەستخۆشی لەکەمپەین کردبوو، داوای چالاکی زێتری لەکەمپەین کردبوو. خۆی و شێرزاد حەسەن جەختیان لەوەکردەوە کە ئەوانیش لەکوردستانەوە کار لەسەر ئازادیی د.کەمال دەکەن.

یەکێ لە دەردە کوشندەکانی ئێمەی خوێندەواری کورد ئەوەیە زۆر حەزمان لەناوی خۆمانە، ئێمە هیچ نین و خۆمان بەهەموو شت دەزانین. لەیەک کاتدا لەهەموو رشتەکاندا خاوەن بەهرەین و لەراستییشدا هیچ لەهیچیان نازانین. پرۆژەی ئەو واژۆ کۆکردنەوەیە ئەگەر لەلایەن نووسەرانی ناو کوردستانەوە رەتبکرایەتەوە، بێگومان منیش ئەو کلێشەیەو ئەو بیرۆکەیەم دەخستە تەنەکەی خۆڵەوە، دواتر کەسی تر ئەو کارەی دەکرد، بەشێوازی تر دەیکرد ئەوە شتێکی تر دەبوو. مەبەستیشم لەم خاڵە خۆپفدانی ئێمەی بەناو نووسەرو رۆشنبیرو خوێندەوارە. باوەڕبکە کەسی وا هەبوو وەک منداڵ ورکی دەگرت و دەیگوت ، زەوی و ئاسمان لێک بدات، ناوی من ، دەبێت لەپێش بەختیار عەلی و شێرزاد حەسەن و تەرەماش و تەرەسازەوە بێت ، بیانووی ئەوە بوو کاتێ ئەو لەسەر د.کەمال هەڵیداوەتێ، نووسەرانی کوردستان خۆیان بێئاگا کردبوو، دەیانگوت  ئەگەر ناومان یەکەم نەبێت  ئەوە کەسایەتی خۆمان ناشکێنین! و ناوی خۆمان بخەینە دوای 13 بەناو عەفریتەکەی کوردستانەوە!. چەندین کەسی تریش گلەییان لە ریزبەندیی ناوەکان دەکرد. لەکاتێکدا سەرجەم پرۆژەکە بۆ بزاوندنی نووسەرانی کوردستان بوو ( ئاخر دەبووایە ئەوان لە لیستی یەکەمدا بن) و بەهۆی رەزامەندی ئەوانەوە، ئێمەش پشتمان ئەستوور تربوو.

لەراستییدا ناوەکان  بەپێی ئەو لیستەی لەناوەوەی کوردستان بە من گەیشت دامانبەزاندوون، دواتریش کێ زوو وەڵامی نامەکەی د.بورهان و منی دابێتەوە، بە ریز خستوومانەتە دوای یەکترییەوە. ئێمە فێرین یەکتری دەشکێنین، نیوەی بەناو رۆشنبیری کورد رقیان لە بەختیار عەلییە ، تەنها لەبەرئەوەی شاکاری بێوێنە دەنووسێت، لەبەر ئەوەی یەکێکە لەبەهرەمەندترین نووسەرانی کورد و پانوپۆڕترین کەسە لەبواری فیکر و ئەدەبدا لە ناو کورددا . شتێکی تر کە من جگە لەفشەکاریی ناوێکی تری لێ نانێم، هەبوو دەینووسی بە دوو سێ ئیمەیڵ جەختی دەکردەوە، تا لەپێش ناوەکەیەوە بنووسین کاندیدی دۆکترا، ئەندازیاری پیشەسازیی ، تەکنیکار، پرۆگرامەر... تاد. لەکاتێکدا ئەم پێشگرو پاشگرانە هیچ لەشانوشەوکەتی رۆشنبیر کەموزیاد ناکات.

ئێمە ئەگەر ناوەڕۆکمان نەبوو بە تایتڵ و پێشگرو پاشگریش بەهیچ نابین. دڵی زۆرکەسمان لێرەنجا لەسەر ئەم شتانە. یەک شتی زۆر گرنگ هەیە، زۆر کەس بەهەڵە تێگەیشتن ، بۆچیی ناوی د.بورهان و من لەژێر کلێشەکەدا هەبوو، لەڕاستییدا، میکانیزمی ئەو واژۆکۆکردنەوەیەو خودی ئەو بیرۆکەیە ، لەنێوان د.بورهان و مندا بوو، پێوەندی بە کەمپەینەوە وەک رێکخراوێک نەبوو، بەڵام خۆبەخۆ بەشێک بووە لەکەمپەینەکە. لەباری مۆراڵییشەوە ئێمە بەرپرسبووین لەهەر شتێک، لەئاست ئەو سەدان کەسەدا. لەم ئاقارەشدا زۆر تۆمەتی ناڕەواو دوور لەهەر مەودایەکی مرۆیی بە د.بورهان و منەوە لکێنرا.

خاڵێکی تری دوو فاقیی و بێ متمانەیی چەند روویی  بەناو رۆشنبیری کورد، لەناو ئەو شتەی کە خۆیان پێی دەڵێن ئەتمۆسفیری رۆشنبیریی و مەعریفیی بەئاشکرا لەو واژۆکۆکردنانەدا دەرکەوت،  پێرێ واژۆی ئەو کلێشە رەق و تووندەی دژی دەسەڵات دەکات و داوای ئازادیی دەستبەجێی د.کەمال دەکات و شەقێکی گەورە لە پاشووی یاساو دادو سیستەمی بەعس و دەسەڵاتی کوردیی هەڵداوە، کەچیی دوێنێ لە رادیۆیەکەوە ، لەرۆژنامەیەکەوە، لەسایتێکەوە 180 پلە هەڵدەگەڕایەوەو پاساوی بۆ شەرەف و کەرامەتی کوردیی! دەهێنایەوە کە د.کەمال بەژێر پێوەی کردووە. ئەمە لەهەرزەکاریی و ناجێگیریی رۆشنبیری کوردەوە نییە بەتەنها، بەڵکوو هەر باوەڕیان وایە بەنرخی رۆژ پەیام دەدەن و لەکوێیش دەسەڵات ئاوڕیان لێبداتەوە، تف و نەعلەت لەرابردووی خۆیان و لە قسەکانی دوێنیی خۆیان دەکەن.

زۆرکەس لەدوور و نزیکەوە پێوەندیی بە رۆشنبیریی و ئازادییەوە نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵی نووسەری ناودار واژۆیان کردووە، ملی خۆی دەشکان و تەکانی دەدا تا ناوی بڵاوبکرێتەوە، باوەڕبکە نووسەر هەبوو "بەدۆکیومێنتیش هەیە"، لەدەزگای پاراستن خراپتر هێرشی زۆر بازاڕیی و ئاست نزمی دەکردە  سەر د.کەمال، دەیگوت ئەم پیاوە ئەوە نییە لەسەری بەدەنگ بێیت بۆیە کەسیش لەسەری بەدەنگ نەهاتووە  ، کەچیی هەر کە لیستی یەکەم لەناوەکان دابەزیی، یەکسەر ئیمەێڵی کردو دەستخۆشیی کردو بەساقەی ئێوە دەبوو کە ناوی بڵاوبکەینەوە، ئێمەش بۆ ئەوەی دڵی نەیەشێت ، ناوەکەیمان وەک خۆی دادەنا.

دیارە زۆر ناومان هەر دانەنا، ئەگەر هەموو ناوێکیشمان هەر دابگرتایە ناوەکان دەگەیشتنە چەندین هەزار بەڵام زۆرو بۆر دەردەچوو. شتێکی تر کە زۆر سەرنجی راکێشام ئەو بوغزو قین و شەڕانگێزییەی ناو رۆشنبیران و نووسەرانی کورد بوو ، بۆیان دەنووسیتین "ئەرێ فشەکەرینە ئێوە دەڵین ناهێڵین کۆنەبەعسیی خۆی بخزێنێتە ناو ئەو لیستانەوە، ئەی ئەوە نییە فلان کەسی کۆنە بەعسیی و کۆنە جەیشی شەعبیی و کۆنە چیی و چیی تێدایە" . لەلایەکەوە دەیانویست بەئەندێشەی خۆیان لەناوەڕۆکی پرۆژەکە کەمبکەنەوەو لەلایەکی تریشەوە دەیانویست گومانمان لا دروست بکەن، زۆربەشیان برادەرو دۆستی یەکتری بوون و لەپشتیشەوە پاشقوولیان

لەیەک دەدا. هەرچەندە هەندێ ناو گومانمان لێیان هەبوو ، ناوەکانیانمان دانەگرتن ، هەندێ ناویش دوای تەواوبوونی لیستەکان هاتن ، داوای لێبوردنیان لێدەکەین کە درەنگ ناردیان و کەمتەرخەمی خۆیان بوو.

دیاریدەیەکی تر کە زۆر پێی قەڵس بووم ئەوە بوو لە شاری هەولێردا نووزەیەک هەڵنەستا لەسەر ئەم دۆزە، لەکاتێکدا زۆربەی ئەوانەی خەڵکی شاری هەولێر و دەوروبەری بوون و ئێستا لە تاراوگەن ، زۆر گەرموگوڕ بوون و زۆر بەپەرۆشەوە کاریان دەکرد ، ئەو برادەرە هەولێرییانەی کە لە نزیکەوە لەگەڵمان بوون لەکەمپەین و دەوروبەری کەمپەین، لەد.بورهان یاسینەوە بگرە کە سەرپەشتیکار و راوێژکاری کەمپەینەکە بوو، تا د.پشتیوان عەبدوڵا بەرپرسی کۆمیتەی ئوستراڵیای ئەم کەمپەینەو ، فەیسەڵ عەزیز و نەهرۆ شێرەو دەیان کەسی تر کە لەرەچەڵەکدا هەولێریی بوون زۆر لەتوانای ئاسایی خۆیان کاریان دەکرد، کەچی کەسێکی وەک شێرزاد حەسەن چوار جار بە تایبەت لەشاری سلێمانییەوە چوو بۆ هەولێر بۆ کۆکردنەوەی واژۆیەک، لەو شارەدا کەسێک نەبوو واژۆیەکی بۆ بکات بۆ ئازادیی د.کەمال، کەچیی لەو شارەشدا نووسەرو رۆشنبیری وای تێدایە " شەڕی دەسەڵاتی بەس بۆ ئەوە دەکرد کە ئاوڕی لێبدرێتەوە" و خۆی بە ئازادییخوازترین کەس دەخوێندەوە بەڵام لەسەر ئەم دۆزە کلۆمی لە هەموو دەرچەیەکی خۆی دابوو، لەلایەکی تریشەوە دەچوو لەگەڵ ئەو نووسەرانەی بوونەتە مەئموری دەسەڵات کۆڕی دەگێڕا و خۆی دەڕنییەوەو بەلاوانی دەگوت هەڵمیزێن بە بتەکاندا!؟.

سەبارەت بەهەوڵی هەر حیزبێکی سیاسیی بۆ قۆرغکردنی کەمپەین، من هیچ بەڵگەیەکم دەست نەکەوت شتێکی لەم چەشنە رووی دابێت، دەکرێ کەسمان تێدا هەبووبێت و ئەمە خولیای بووبێت، بەڵام وەک حیزب هەستم بەهیچ نەکرد، لەسەرەتادا لە پێشمەرگە دێرینەکانی "ینک" برادەرێکمان لەگەڵدا بوو ، زۆر بە پەرۆشەوە کاری دەکرد و دواییش کە جودا بووە زۆر بەرێزەوە رۆیشت و ئێمەش زۆر رێزمان لێگرت. بۆ مێژووش ئەوە دەڵێم ، رەنگە لەهەموو کوردستاندا دە کەسیتر بەئەندازەی من توند و رەق لەسەر حککع ی نەنووسیبێت. بەتایبەت لەسەر چارەسەری مەسەلەی کەرکوک و سیاسەتی تەعریب، بەتەواوی دژی سیاسەتەکانی (حککع)م، بەڵام بۆ یەک ساتیش جیاوازی سیاسییان زەقنەکردەوەو لەم ماوەیەی لەگەڵمان کاریان کرد زۆر هارمۆنیی بوون لەگەڵماندا و زۆر بە ویقارەوە کارو چالاکییان دەکرد.

تەنها خراپییەک ئەم برادەرانە هەیان بوو ، کەمێک ئایدۆلۆژییانە بیریان دەکردەوە، بەزەحمەت دەستبەرداری هەندێ دەستەواژە دەبوون، ئەوەش مافی خۆیانەو ئەوان پێش هەر شتێ سیاسیی بوون ( دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حککع بوون) . بەراستیی زۆربەی خۆپیشاندانەکان و کۆروکۆبوونەوەکانیش، ئەم حیزبە لە چاو هەر حیزبێکی کوردستانیی و عێراقییدا زۆرترین و چڕوپڕترین بەشدارییان تێدا دەکرد. بەشێوەیەکی گشتیی تەوژم و گوڕوتینێکی باش بوون بۆ درێژەدان بەکەمپەین . من یەک شتیان زۆر سەرسامی دەکردم ئەویش بێن درێژییان بوو. خاوناببوونەوەو زۆر مکوڕ بوون لە بەردەوامیی چالاکییەکان و بەتایبەتیش سازدانی هەرچی خۆپیشاندانی زێتر لەبەردەم باڵوێزەکانی ئەمێریکا و نەمسادا.

بەراستیی بێ ویژدانییە ئەگەر رۆڵی بەرچاوی د.کەمال میراودەلیی و ژووری کوردستان یونایتید و رێکخراوی چاک بەشێوەیەکی گشتیی لەبەرچاو نەگرین لەسەر ئەم دۆزە، هەروەها رۆڵی سایتی دەنگەکان و رادیۆی بۆ پێشەوەو تاقانە رۆژنامەی کوردیی " ئاوێنە" و دەیان سایت و رادیۆ و تەلەفزیۆنی تر کە بەهەموو لایەکیان تەکانێکی زۆریان دا بە دۆزەکەو گەیەنرایە بەرزترین ئاست کە دەسەڵاتی بەتەواوی پێ شەرمەزار بکرێ و سەرئەنجامیش پاشەکشە بکات.

3- ئەو شەوەی د.کەمال لە پاش ئازادکردنی لە پاڵتاکەوە قسەیکرد،بەشێکی زۆر لە رۆشنبیران و خوێنەران بە قسەکانی تووشی شۆک بوون!بە واتایەکیتر د.کەمالی پێش چوونەوە کەسێکی تەواو جیاوازبوو لەو د.کەمالەی دوای ئازادکردنی قسەی دەکرد.کەمپەین چۆن ئەم ئیزدیواجییەتی هەڵوێستە دەخوێنێتەوە

پۆڵا سەعید:

سەرەتا بۆ ئەوەی من وەڵامێکی دروستم پێبێت بۆ ئەم پرسیارە پێویستە لە باڵەخانەی چەند رەهەندێکی دییەوە بروانمە چ کێشەکەی دکتۆر کەمال و چ کەسایەتیی خودی دکتۆر کەمال. دکتۆر کەماڵ رۆڵی رۆشنبیرێکی بینی لەم کێشەیەدا، ئەو ئاژاوەیەکی نایەوە، کە ئاژاوەگێڕیی کاری رۆشنبیرە. رۆشنبیر ناهێڵێت دەستەڵات بحەوێتەوە ئەو هەمیشە قەیران بۆ دەستەڵات دروستدەکات و پەردە لەسەر رووی راستییەکان رادەماڵێت. رۆشنبیر ئانارشیستە کورسییەکی لەناو کۆمەڵدا بۆ خۆی چێکردووە نەک لەناو دەستەڵاتدا. ئێمە وەک کۆمیتەی سەرپەرشتیار نەماندەروانییە ناوەرۆکی نووسینەکانی دکتۆر کەمال چونکە ئیستاتیکای دکتۆر کەمال لە نووسینەکانیدا نەبوو بەڵکوو لەو جوڵانەوەیەدا بوو، کە هێنایە کایەوە.

ئەمەش بۆ ئێمە کارێکی زۆر بە بەها بوو هەربۆیە بە هەموو هێز و توانای خۆمانەوە پشتگیرییمان لێکرد. جولیان بیندا لە ساڵی 1927 دا لە پەڕتووکی ناپاکیی ڕۆشنبیراندا دەڵێ: کێشەی ڕۆشنبیر ئەوەیە، کە کاتێک ئەو دەستبەرداری دەستەڵاتی خۆی دەبێت لەپێناوی پاراستنی هەستی جەماوەریی، تایفەگەریی، سۆزی کۆمەڵ و پێکهاتەکانی، بەرژەوەندیی چینایەتیی ... هتد. ئەمەش لەکاتێکدا وتراوە، کە هێشتا ڕاگەیاندنی جەماوەریی باڵی خۆی بەتەواوەتیی نەکێشابوو بەسەر کۆمەڵ و جیهاندا. کەواتە ئێستا دەستەڵاتداران و دەوڵەت کار باشتر دەکەن بۆ ئەوەی ڕۆشنبیران بۆ قازانجی خۆیان بەکاربهێنن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە هەتا چەند دکتۆر کەمال ناپاکیی کردووە چ بەرانبەر بە خۆی چ بەرانبەر بە ڕەوشی ڕۆشنبیریی کوردیی و کۆمەڵ؟ ئاکارەکانیش ئاشکران، کە دکتۆر کەمالی سەید قادر ناپاکیی کردووە ئەو ڕۆشنبیرێکی ناپاکە ئەمەش هیچ لە بەهای ئەو کەمپەین و کۆمیتەی سەرپەرشتیارە کەمناکاتەوە، بەپێچەوانەوە ئەوان کاری خۆیان ڕاست و دروست کردووە.

شەقامی کوردیی بێ جوڵە نییە، ڕەوەندی کوردیی بەئاگایە ئەوان خاوەنی میراتە کۆمەڵایەتییە کوردییەکانن لە باڵەخانەی هزری خۆیانەوە تەماشای گۆڕانکارییەکانی جیهان دەکەن. کێشەی سوکرات لەگەڵ کۆمەڵ و ئەفلاتووندا نەبوونی خودا بوو. سوکرات دەیگووت خودا نییە، دەستەڵات ڕاپێچی بەردادگای کرد، چەند خولەکێک پێش مردنی، دادگا داوای لێکرد ئەگەر بێتوو پاشگەزببێتەوە لەوەی، کە ددان بەوەدا دەنێت، کە خودا نییە و ملکەچیی بۆ فەرمانەکانی دادگا بکات، ئەوا دادگا لە تاوانەکەی خۆش دەبێت. تاوانی سوکراتیش تەنها باوەڕنەبوونی بوو بە خودا. سوکرات بە هاوڕێکانی و بە دادگا دەڵێ: ترس لە مەرگ تەنها ئەوەیە خۆت بە شتێکی تر و بە باشتر بزانیت. مرۆڤ هۆشیار ئەبێت، بەڵام چاوقاییمییە، کە بزانیت شتێک ئەزانیت، کە کەس نایزانێت. مردن چییە، کە تەنها جارێکیش گەورەتریین شت نەبێت لەژێر هەموو شتە باشەکانەوە بۆ مرۆڤایەتیی. بەڵام لێشی ئەترسن وەک ئەوەی زانیبێتیان، کە ناقۆڵاتریین شت مردنە.

پێکێ ژەهر بووە دواهەمیین چێژی ژیانی سوکرات و پاش مەرگیشی کۆمەڵی یۆنانیی پاشگەزبوونەوە لەو سزا قورسەی بەسەریاندا سەپاند. بۆیە هەتا ئێستاش چ لە یۆنان دا و چ لە ئەورووپادا مردنەکەی سوقرات یەکێکە لە جوانترین فەلسەفەکانی. دکتۆر کەمال خاوەنی ئەم ئیرادە و هۆشیارییە نەبوو ئەو ناچار بوو لە کردەوەکانی خۆی پاشگەزبێتەوە و بچووکیی بۆ بچووکایەتییەکی دەستەڵات بکات. تۆماس کامپەنێللا گەورە فەیلەسووفی ئیتالیی سەدەی شانزدە و حەڤدە کەسایەتییەکی چاونەترس و شۆڕشگێڕ چەندیین جار دراوەتە دادگا بە تاوانی یاخیبوونی لە دەستەڵات. ئامانجی کامپەنێللا دروستکردنی دەوڵەتێکی کۆماریی یەکگرتوو بوو بۆ نەهێشتنی دەستەڵاتی ئیسپانییەکان. ئەوە ئیرادە و ورە و توانای بەرزی هۆشیاریی تۆماس کامپەنێللا بوو، کە چەندیینجار سەری بە دادگا شۆڕکرد و سەری خۆی لە گەردنی پەت قەنارە ڕزگارکرد، دادگا ناچار دەبوو بەس بەتەنها زیندانیی بکات نەک بیکووژێت. کامپەنێللا 33 دانە ساڵی ڕەبەقی لە زینداندا بەسەر برد وەلێ ملی نە بۆ داواکانی دادگا نە بۆ کەنیسە کەچکرد. کەنیسە لە زینداندا بە کامپەنێللا دەڵێ: ئەگەر بێتوو گوێڕایەڵی داواکانمان بیت ئەوا لە زینداندا دەرت دەهێنین و ئازادت دەکەین، کامپەنێللا پێیان دەڵێ: ئەی دەبەنگی مەرگ بۆ تۆ ئەوا من لەدایکبووم. ئەمە ئیرادە و هۆشیاریی کەسایەتییەکی ڕۆشنبیرە، کە بەداخەوە لە دکتۆر کەمالدا نەبوو.

دکتۆر کەمال پێش ئەوەی زیندانیی بکرێت خاوەنی پەیامێک بوو دژی ناپاکیی نەتەوەییی و زۆرداریی و چەوساندنەوە، جوڵانەوەی دکتۆر کەمال بووە هۆکاری ئەوەی جوڵە بهێنێتە ناو شەقامی کوردییەوە ئەمە قازانجێکی گەورەی بە ڕەوتی ڕۆشنبیریی کوردیی گەیاندا، ناوەڕۆکی نووسیینەکانی دکتۆر کەمال گرنگ نەبوو بۆ خەڵکیی بەڵکوو ئەو جوڵەیە گرنگ بوو، کە بەهۆی زیندانییکردنی دکتۆر کەمالەوە هاتە کایەوە، ئازادیی ڕادەبڕیین مەشخەڵی دەستی شەقامی کوردیی بوو. دکتۆر کەمال لە میانەی زیندانییکردنیشیدا چەند گۆڕانکارییەکی بەسەردا هات، لێبەڵێ ئامانجی کەمپەین ئازادکردنی دکتۆر کەمال بوو، ئەو گرنگی بەو چەند گۆڕانکارییە نێگەتیفانە نەئەدا، کە هاتبوونە ئاراوە. دکتۆر کەمال دوای ئازادبوونی کەسایەتییەکی دی لێدەرچوو، ئەو پاڵەوانە نەبوو، کە مێژوو چاوەڕێی دەکرد، وەلێ سەرکەوتوو لەم قەیرانەدا شەقامی کوردیی بوو نەک خودی دکتۆر کەمال. دکتۆر کەمالی سەید قادر گەورەتریین قەیرانی بۆ ئایندە و ڕەوشی هەنووکەیی ڕۆشنبیریی کوردیی سازکرد. ئاخر کاتێک دکتۆر کەمالی سەید قادر لە تراژیدیادا دەژیا و تەواوی شەقامی کوردیی لە پشتییەوە ڕاوەستابوون ئەو بە لەدەستدانی هۆشیاریی خۆی هەستا بە کووشتنی. دکتۆر کەمال چونکە هۆشیاریی لەکیسدابوو نەیتوانی کارێکی لۆگیکانە لەگەڵ ئازادییدا بکات. ئازادیی، دکتۆر کەمالی ئازاد دەکرد ئەگەرەکوو هاتبا هۆشیاریی لەکیس نەدایە. ئازادیی ئازادت دەکات وتەی عیسایە، ئەو ئازادیی بە بناغەی هەموو کارە مرۆییەکان دەزانی.

ئازادکردنی دکتۆر کەمال کۆتایی بە تراژیدیای مرۆیەکی دیلی کورد هێنا وەلێ بە وەرچەرخانێکەوە، کە تراژیدیای دکتۆر کەمالی گۆڕی بۆ کۆمیدیا. ئەم کۆمیدیایە زیانێکی گەورەی بە هۆشیاریی تاک و کۆمەڵی کورد گەیاند. دکتۆر کەمال هەتا ماوە دیلی دەستی خودایەکە، کە هۆشیاریی لێستاندۆتەوە، ئەو نەمر نییە بگرە مردووە ئەگەرەکوو هەزار دانە ساڵیش تەمەنی بێت. مردوویی دکتۆر کەمال لەگەڵ ئازادکردنییدا لەدایکبوو. کەڵە شاعیری ئیتاڵیی سەدەی ڕێنسانس دانتێ دەڵێ: هەزار ساڵ ژیان لەبەردەم نەمرییدا چرکەیەکە. کەمپەین و کۆمیتەی سەرپەرشتیار ئەم وەرچەرخانەی دکتۆر کەمالی سەید قادر بە کۆمیدیا پێناس دەکات.

**4- کەمپەین لە درێژەی ڕەوتی کارکردنیدا ئاراستەی جیاوازی لێکەوتەوە.دەکرێ بزانین ئەو ئاڕێشەو بۆچوونە جیاوازانە چیبوون کە لە نێوان ئێوەی کەمپەینی ئازادی بۆ د.کەمال وەک کۆمیتەی سەرپەریشتیکار و ژووری کوردستان یونایتدا،**
**لە چییەوە سەری هەڵدا؟**

عەبدوڵا مەحمود: هەروەک خۆتان دەزانن، ئەو هەڵمەتەی بۆ ئازادی دکتۆر کەمال سەید قادر وەڕێخرا، هەڵمەتیکی فراوان و فرە ڕەنگ و فرە ڕەهەند بوو، فرە ڕەنگ بوو بەو مانایەی لە ناو هەڵمەتەکەدا بیروڕای جیاواز، ئینتمای حزبی جیاوازی تیدا کۆببۆوە، کە ئەمە من پیم وایە خاڵیکی بەهیزی کەمپەینەکەبوو، چونکە ئەوەی کە گرنگ بوو هاوڕایی و هاوئاهەنگی بوو لەسەر کاری هاوبەش و بەرژەوەندیەکی هاوبەش کە ئازادی دکتۆر کەمال بوو بەبێ گوێدانە ئینتمای سیاسی و ئایدۆلۆژی و حزبی... هاوکات فرە ڕەهەند بوو بەو مانایەی باگراوند و ئاراستەی جیاوازیش لە چوارچیوەی ئەم کارە هاوبەشەی کەمپەیندا بوونی هەبوو، بۆنمونە، هەبوون باسیان لە ئازادی د. کەمال ئەکرد بە هەر نرخیک بوایە ، نەک ئازادی بیقەیدو بەند، هەبوون مەسەلەی دکتۆر کەمال بنەمای بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیرورا بوو بۆیان، نەک بە پیچەوانەکەی کە بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیرورا، سەرچاوەی بەرگریان بیت لە د.کەمال و کەمالەکانی تری کوردستان.

هاوکات هەبوون تەنها لە سۆنگەی دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بەمانایەکی تر لە سۆنگەی " ئەنتی پارتی" یەوە، خۆیان بە دۆزی دکتۆر کەمالەوە هەڵواسیبوو نەک لەسۆنگەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و ئازادی بیروڕادەربرین و بەیان و چاپەمەنی و...تاد ، بیگومان هەمووئەم ڕوانین و ئاراستەجیاوازانە، هەڵگری شیوازی کارو هەڵویستی جیاوازیش بوون. هەرئەمانەش هۆکاری سەرهەڵدانی ئاراستەی جیاواز بوون.

ژووری کوردستان یونایتد کە لەسەرەتای کیشەی دکتۆر کەمالەوە چالاکانە کاتی خۆی تەرخانی ئەم کیشەیە کردبوو،وە بەشیک لەو کەمپەین و هەڵمەتە بەرینە سەراسەری وفراوانەبوو لە پەیوەند بە دۆزی د.کەمالەوە، بەڵآم نەک هەموو کەمپەین " وەکو خۆیان ئیدعایان دەکرد":

بەداخەوە برادەرانی بەڕیوەبەری ئەم ژوورە بەوینەی هۆڵیکی دیالەگۆگی شارستانیانە ئەم ژوورەیان چاو لینەدەکردو هەرگیزیش وینایەکی وایان بۆی نەبووە، بۆیە ئەم ژوورە هیچ ڕەوش وە پیوانەیەکی بەبەرنامەی نەبوو. هاوکات لەم ژوورەدا سەدان کەس کە زوربەی هەرەزۆریان، کەسانی" ژیرزەمینی ناودنیای تۆری پاڵتاک" بوون، لەگەڵ ژمارەیەک لەخەڵکی تری ناسراو بە پیناسە و دیار بەشداریان دەکرد. بۆیە لەم ژورەدا هەم ڕەوشتی بەرزی پەیفین و هەم ڕەوشت و شیوازی ناشارستانی و دزیو دەبینرا، هاوکات کەمپەین کۆمیتەیەکی سەرپەرشتیکاری هەبوو کە لەلایەکەوە هەڵویستی خۆی لەسەر پیشهاتەکانی دۆزی دکتۆر کەمال و لەلایەکی تریشەوە چالاکی و هەڵسورانەکانی کەمپەینی بە بەئاگاداری هەموان دەگەیاند.

لەناو دۆخیکی ئاوادا نەدەکرا قسەی سەدان کەس وەکو بۆچونی و بیروڕای کەمپەین تەماشا بکریت، و هاوکات هەمەچەشنی شیوازی دیالۆگکردن لەسەر کۆمیتەی سەرپەرشتیکای کەمپەین بە حساب بیت، بۆیە کەمپەین مادام دەستەی سەرپەرشتیکاری هەبوو، بەکردەوە و هەتا لەباری ئسوڵیەوە هەرئەوان نوینەری کەمپەین و قسەکەری ڕەسمی کەمپەین بوون، ئیمە لە ڕونکردنەوەیەکدا هەر ئەو ڕاستیانەمان بە شیوازیکی شارستانیانە ڕاگەیاند، تا ڕۆشن بیت، پەیوەندی ئیمە بەو ژوورەوە چی یە، وە شیواز و پراکتیکی ئیمە چۆنە، وە هەڵگری چ شیوازیکی دایەلۆگین...بەداخەوە بەشیک لە بەڕیوەبەرانی ئەم ژورە لەجیاتی پیشوازی کردن لەم ڕوانینە و ڕونکردنەوەیەی ئیمە، خۆیان لە کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال_ کۆمیتەی سەرپەرشتیکار جیاکردەوەو، وەکو (ژوورە کەمپەین) ناوی خۆیان نا" ناوەندی ڕاگەیاندنی کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال".

بەکورتیەکەی ئیمە وەکو کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال- کۆمیتەی سەرپەرشتیکار، جیاوازیمان لەگەڵ ئەم برادەرانە، شیوازی پەیڤین و دیالۆگ، شیوازی کارو پراکتیک، شیوازی بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیرورا، شیوازی ڕوبەروبونەوە لەگەڵ پیشهاتەکان،

لەهەمووشیان واوەتر ئیمە زەمینی و مەیدانی و ناسراو بوین و هیچ قەناعیکمان لەسەر نەبوو بۆیە خۆمان بەبەرپرس دەزانی لەهەر هەڵویست و ڕاگەیاندنیک و شیوازی کاریک کە دەمانکرد.

5- کاک بەختیار وەک نووسەرێکی چالاک لەبواری یاسادا لەسەرەتادا لەم کەمپەینەدا بەکردەوە بەشداریی کردو دواتریش بەنووسین بەردەوام بوو، بەڵێ د.کەمال ئێستا قسەلەسەر ئەوە دەکات بچێتەوە بۆ کوردستان کار بۆ ناوچەرزگارکراوەکان و بەتایبەتی کار بۆ کەرکوک بکات،ئەمە لەکاتێکدایە کە دەسەڵاتی کوردی شتێکی وای بۆ کەرکوک نەکردووە شایانی باس بێت،بەقەولی د.کەمال خۆشی کەرکوک 80%لەدەست چووە! بەداخەوە هیچ ئاماژەیەکی موژدەبەخشیش بۆ کەرکوک بەدی ناکرێ،لەم نێوەندەدا پێتان وایە د.کەمال بتوانێ هیچ بکات؟پێناچێت ئەمە پرۆژەیەکی دەسەڵات بێ بۆ دوورخستنەوەی د.کەمال لە جیهانی زانکۆ

**بەختیار کەریم:**

بڕیارم دابوو پاش ئازادبوونی دکتۆر کەمال هیچ لەسەر ئەم بابەتە نەڵێم، چونکە دۆزەکە بۆ من کۆتایی هاتووە. بەڵام بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری ئێوەی خۆشەویست بدەمەوە، دەخوازم دوو ئاست لەم دۆزە دیاریبکەم کە کۆمەکی زۆرمان دەکات بۆ تێگەیشتن. ئاستێک کە جێگەی بایەخی من بوو ئەوەیە کە مرۆڤێک بیسەروشوێن دەکرێت و پاشان بەناوی یاساوە ناشیرینترین ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت و بەعسئاسا دادگایی دەکرێت. ئاستی دووەم کە بۆمن هیچ جێگەی بایەخ نییە دکتۆر کەمالی دەرەوەی زیندانە، کە بەبڕوای من ئازادە لەوەی چی دەکات، چونکە بۆ یەک چرکە من ئومێدی گەورەم بە دکتۆر کەمال نەبووە، بگرە ئومێدم بە هیچ ڕۆشنبیرێکی کورد نییە. بەدەنگهاتنی من لەسەر دکتۆر کەمال لە سۆنگەی پارێزگاریکردنەوە بوو لە سەروەریی یاسا، هەربۆیە ئامانجی سەرەکیی نووسینەکانم سەلماندنی ئەو ڕاستییە بوو کە بێسەروشوێن کردن و سزادانی دکتۆر کەمال بە سی ساڵ تۆڵەسەندنەوەیەکی خێڵەکیی و حیزبییە لەژێر پەردەی یاسادا. نە ئەو کات و نە ئێستا بۆم گرنگ نەبووە/نییە دکتۆر کەمال کێیە و چییە یان پاش ئازادبوونی کێ دەبێت و چی دەبێت، ناکرێت ئێمە پارێزگاریی لە سەروەری یاسا بکەین و پاش ئازادبوونی قوربانی مەرجەکانی خۆمانی بەسەردا بسەپێنین. هەڵەن ئەوانەی شێوازی ژیانکردن بۆ کەسانێکی دیکە دیاریدەکەن، ئەوە کاری حیزبە خێڵەکییەکانە بە خەڵک بڵێن چۆن بژین، چۆن بنووسن و لەکوێ و بۆ کێ کاربکەن، نەک کاری ڕۆشنبیر.

سەبارەت بە کارکردنی دکتۆر کەمال بۆ حیزبێک یان حکومەتێکی کوردی من جگە لەوەی کارم نییە بەسەر ئەوەی خەڵک چی دەکات و کار بۆکێ دەکات، بڕوام وایە کە کارکردن بۆ حیزب و حکومەتە کوردیەکان کوشتنی توانایە و خەساندنی هەر ئەگەرێکی داهێنانە لە مرۆڤدا. کارکردن لەگەڵ حیزبدا مەرگێکی ڕەمزی مرۆڤ و خاڵیکردنەوەیەتی لە "نا" بێژی. لێرەوە سەرسام نابم ئەگەر حیزب مامۆستایەکی زانکۆ بکات بە کۆمانداری سوپا یان بەپێچەوانەوە، چونکە بۆ حیزبی کوردی زانکۆ دامەزراوەیەکی حیزبییە زیاتر وەک لە دامەزراوەیەکی مەعریفی. لەجێگەی تردا بێئومێدی خۆمم لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک لەڕێگای یاساوە دەربڕیوە، ئەوەی ئێستا پێویستە بگوترێت کەرکوک کێشەیەکی سیاسیە و دەبێت بە سیاسەت چارەسەر بکرێت، ئەوەی پێیوایە بە یاسا چارەسەر دەکرێت تا سەر ئێسقان خۆشخەیاڵە.

6-کەمپەین بۆ ئازادی د.کەمال لەم شەش مانگەدا،دەستی بۆ جۆرەها کاری شارستانییانە برد.پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وخۆپیشاندانی بەردەم سەفارەتەکان وتەنانەت حکومەتی ئەمێرکا دووجار لەسەر ئەم کێشەیە هاتە وەڵام.لەم راستایەدا ئەو وانە گرینگانەی لەم کەمپەینەوە بۆمان جێدەمێنێت چین؟بە مانایەتر لایەنە پۆزەتیڤ ونەگەتیڤەکانی لە چیدا بوو؟

**دبورهان یاسین:**

بە بڕوای من ئەو دەرسانەی کە لە ئەزموونی کەمپەین دەکرێ هەڵێنجرێن دەکرێ بە دوو شێوەی جودا، بەڵام تەواوکەری یەکتر بن:

1) لایەنی کەمپەین هەلسەنگەندنی خۆی بکات

2) لایەنی دەسەڵات (بۆ نموونە لیژنەیەکی پەرلەمانی) پێداچوونەوەی خۆی بکات. هەڵسەنگاندنەکەش دەبێ لایەنی سیاسی و یاسای و دیپلۆماسی بگرێتە خۆ.

دیارە وەکوو ئاشکرایە کەمپەین چالاکی جۆرا و جۆری سیاسی و دیپلۆماسی ئەنجامدا، هەر لە بڵاوکراوە و نووسینی نامە و پەیوەندی دیپلۆماسی و خۆپیشاندان و قسەکردن لە ڕێگەی هۆکانی ڕاگەیاندنی جۆرا و جۆر. دیارە چالاکیەکانیش قورساییان لە دەرەوەی وڵات بوو. بە باوەڕی من لەو چالاکیانە هەموویان کاریگەرتر ئەوەبوون کە گوشاری دیپلۆماسیان لێکەوتەوە، بە تایبەت هی

دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و نەمسا. ئەو وانە گرینگانەی کە دەکرێ لە کەمپەینی ئازادی بۆ د. کەمال جێمابن ئەمانەن، لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی ئەو راستیەی کە لەم چەند دێڕەدا ناکرێ هەڵسەنگاندنی تێر و تەسەلی کەمپەین بکەین:

آ- کەمپێینێک دەتوانێ ئەوەندە گوشار بهێنێ بۆ دەسەلآت تا ئەو جێگەیەی ئیدی ئەو دەسەڵاتە مل کەچ بکات بۆ داخوازییەکانی کەمپەین. ئەوەی کە روویدا شتێکی زۆر گرینگ بوو بۆ ئەوەی خەڵکی کورد روو لە دەسەلاتی خۆی باوەر بە خۆی پەیدا بکات کە ئیتر ئەو خەلکە دەتوانێ ئیرادە بێت نەک هەر ژمارە وە هەر کاتێک ویستی ئەوا دەتوانێ گوشار بخاتە سەر دەسەڵاتی کوردی بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی.

ب- دیپلۆماسی دەرگای کراوە: ئەوەی راست بێت هەرچەندە کەمپەین دروشمی ئازادی بێ مەرج و شەرتی د. کەمالی بۆ خۆی هەلبژاردبوو، بەڵام کەمپەین لە پەیوندی (دیالۆگی) ناراستەوخۆ دابوو لەگەڵ دەسەلات، ئەوەش زیاتر لە رێگەی ژووری کوردستان یۆنایتدەوە. بۆ نموونە هاتنی بەرێز جەمال قاسم (ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی زەرد) چەند جارێک بۆ ئەو ژوورە و قسەکردنی دەربارەی کێشەی د. کەمال تەنها لە بۆچوونی ئەو کەسەوە نەبوو بەڵکوو ئەو هەڵگری پەیامی دەسەڵاتیش بوو بۆ کەمپێین وە کەمپیینیش لە لای خۆیەوە بە رێگەی ئەو کەسەوە پەیامی خۆی دەدا بە دەسەڵات. . . بە باوەڕی من ئەم *دیپلۆماسی دەرگای کراوەیە* شانبەسانی گوشاری سیاسی و دیپلۆماسی سوودی هەبوو بۆ بەهێزبوونی کەمپێین و کردنەوەی هەندێ ئاسۆ و دەروازە لە کێشەی د. کەمالدا وە رەواندنەوەی هەندێ گومان لەوەی کە "مەبەستی کەمپێین تەنها دژایەتیکردنی دەسەڵاتی پارتیە."

ج- هەرچەندە هەندێ بۆچوونی وا هەبوو کە خۆپیشاندان لە دەرەوەی وڵات زیان بە دەسەلات و ئەزموونی کوردی دەگەیێنێ، بەڵام باوەڕی رەسمی کەمپێین ئەوەبوو کە نەخێر خۆپێشاندان زیان بە کورد ناگەیێنن: دواجار کێشەکە لای دەسەڵاتە و چارەسەرەکەش هەر لای دەسەڵاتە. بەم مانایەش دەسەلات هیچ پەراوێزێکی بۆ کەمپێین نەهێشتۆتەوە تەنها ئەوەنەبێ کە بە هەموو ئامرازێکی گوشاربۆهێنان خەباتی خۆی بکات تا ئازادبوونی د. کەمال، وە ئەگەر دەسەڵاتی کوردیش لەو باوەڕە دایە کە خۆپیشاندانەکان زیانیان هەیە بۆ کورد ئەوا با د. کەمال ئازاد بکاو بەم شێوەیەش کۆتاییەک بۆ ئەو ئەو پرۆسەی زیانلێکەوتنە دابنێت. . . دواجار لە مەسەلەی ئازادی د. کەمالدا کەمپێین سیاسەتی دەکرد و لە سیایسەتیشدا گوشار و لێدانی بەرژەوەندی لایەنی تر دەتوانن وا لەو لایەنە بکەن کە حسێبت بۆ بکا و گوێڕایەلی داخوازیەکانت بێت.

کەمپەین توانی لە رێگای لەخۆگرتنی جۆرەها رەنگی ئایدیۆلۆژی و بۆچوونی سیاسی و نوێنەرانی توێژە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکان ببێتە جوانترین بەرجەستە بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەم کەمپەینە دەتوانێ ببێتە زەخیرەیەکی مۆراڵی و ئەزموونێکی دەوڵەمەند بۆ هەولّی تری لەم جۆرە لە داهاتوودا. . . هەر لە بەرامبەر ئەوەشدا دەسەڵاتی کوردی دەتوانی (وە بە بۆچوونی خۆم زەروریشە) کە لە رێگەی کۆمیسیۆنێکی پەرلەمانیەوە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیەکی هەمە لایەنەی کێشەی د. کەمال بکات.

8-کەمپەین لەم کێشەیەی د.کەمال چۆن هاتە دەرەوە؟ئەمە لەکاتێکدا د.کەمال ئەو دۆنکیشۆتە نەبوو کە زۆرێک چاوەروانی بوون،واتە د.کەمال وەک کەسێکی رۆشنبیر نابێتەنمونەیەکی زۆر خراپ بۆ کاری لەو چەشنەی لەمەودوا کە رەنگە روویدات؟ ئەمە لەکاتێکدا خەڵکانێکی زۆر خۆیان گلاندە ئەو کێشەیەوە بەبێ بوونی بەرژەوەندییەکی تایبەت،مەبەستم ئەوەیە ئەم هەڵوێستەی د.کەمال جۆرێک لە بێ متمانەیی لە نێوان رۆشنبیراندا دروست ناکات؟

خەتاب سابیر:

پرسیارێکی زۆر جوان و رەهەند فراوانە، پێش هەموو شتێ نە ئێمەو نە هیچ کەسێ بروا ناکەم لەبەر کەسایەتیی و قورسایی د.کەمال کارمان بۆ ئازادیی د.کەمال کردبێت. بەپێچەوانە کار بۆ ئازادیی رادەربرین و ئازادیی سیاسیی کراوە ، بەڵام د.کەمال سەرمەشقی ئەم کارە جەماوەریی و شەپۆلە بەرینە بوو. کەمپەین کەموکوڕی هەبوو لەئاست خوێندنەوەی ئەم رووداوەدا، هەندێک لە برادەرانی کەمپەین پێمان وابوو کە د.کەمال قارەمانێکە وەک خاڵە شەهاب و ئەنوەرو جەعفەرو عەبدولخالق مەعروف ، ئەمە بۆچوونێکی چریکیی بوو، چونکە سەردەم و کات و ژیانیش ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە ، یان لای کەم چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا د.کەمال لەزیندانەوە بەو شێوەیە غەزەل بۆ دەسەڵات بکات، بەڵام ئەم تێڕوانینە چریکییانەیە هەڵە بوو.

قارەمان دروستکردن زیانمان لێدەدات. بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێ ، د.کەمال کارێکی کرد کەس نەیدەوێرا بیکات و کەمپەینیش کەوتە بەرامبەر دەوڵەمەندترین حیزبی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، حیزبێک، خاوەنی چەندین بیلیۆن دۆلارە ، تەنها پارە دەڵێم ، دەیان دەزگای حیزبیی و حکومیی و هەواڵگریی و سەربازیی ناڵێم، چونکە لەم دنیایەدا پارەت هەبێ لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردستاندا زۆرملهوڕییت بۆ دەکرێ و زۆریشت بۆ دەچێتە سەر و بەسەدان هەزار کەسیش دوات دەکەوێ. بە کاتی خۆمان ، بەگیرفانی خۆمان ( لەسەر حیسابی ژیانی خۆمان و ماڵ و منداڵمان )، دەیان کۆبوونەوەو سیمینارو خۆپیشاندان و نامە نووسین و

وەرگێڕان و نووسین بەزمانە بیانییەکانمان کرد، ڕاستە ئێمەش چەندین کەس بووین، بەڵام تا بەکردەوە نەیکەیت نازانی چەند تووشی سەریەشەو ماندوو بوون دەبیت، لەبەرامبەریشدا حیزبێکی زەبەلاحی وەک پارتیی وەستابێت و شەڕی ئازادیی لەگەڵدا بکەیت.

هەرچی پێوەندیی بەدوای ئازادکردنی د.کەمالەوە هەیە، من بەم شێوەیە دەیبینم ڕەنگە ئەمە ڕای بەشێک لەئەندامانی تری کەمپەین نەبێ. من پێم وایە کەمپەین و هەموو ئازادییخوازان دەبێت شانازیی بەئازادیی د.کەمالەوە بکەن، ئازادکردنی ئەو بەرەنجامی پاڵەپەستۆو گوشاری سیاسیی و دیپلۆماسیی و ڕۆشنبیریی بووە بۆسەر پارتیی و لە خۆشیی خۆیان و لە سۆزی هیچ خودایەکەوە دڵیان نەجووڵاوە بۆ ئازادکردنی، بەچەند ڕستەیەک دەکرێ بڵێم ئەگەر کەمپەین و هەموو ئەو ئازادییخوازانە نەبوونایە کە بێدەنگییان شکاندو دنیایان لە پارتیی پڕکرد، ئێستا خوداو ئەهریمەنیش نەیاندەزانی پاشماوەی د.کەمال لەکوێیە. جا د.کەمال ئازادە لە هەیبەتی کەمپەین دەشکێنێ و هێشتاش هەر خۆی بەقارەمانێکی ئەفسووناویی دەزانێ؟ و پێی وایە بە خۆڕاگریی خۆی ئازاد بووە!. کەمپەین و هیچ ئازادییخوازێک کاری بۆ ئەوە نەکردووە چالاکییەکانی بداتەوە بەچاوی د.کەمالدا. ئەو ئیتر قوربانییەکی دەستی دواکەوتووترین جۆری دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو قوربانییش هیچ تاوانێکی نییە. ئەو بیەوێ و نەیەوێ بووە بە ئایکۆنی ئازادیی لەکوردستاندا، ئێمەش بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو بوو بەهێمای ئازادی ڕادەربڕین لەکوردستاندا بەڵام بەس وەک ناو، وەک خودی خۆی نا، خودای دەکرد ئەویش سبەی وەک زۆر کەسی تر دەبوو بەڕاوێژکاری دەسەڵاتداران و "تێرمۆنۆلۆژیی" ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران بۆ مافی مرۆڤ لەکوردستان بە باڵایدا دەبڕدرا.

بەڵی ئازادکردنی د.کەمال بەمجۆرەی کە ئەو خۆی تێدا دۆزییەوە ، کایەیەکی بێئومێدیی و بێمتمانەییەکی زۆری لەناو ڕۆشنبیراندا دروستکردووە. من پێم وایە تا هەنووکەش د.کەمال لەڕووی دەروونیی و فیکرییەوە ئازاد نییە، من دوای ئازادکردنی بەتەلەفۆن پێیم گوت، تۆ نابووایە هیچ ڕاگەیاندنێک بدەیت، پێش ئەوەی ئەرشیفی شەش مانگ لەمەوبەر هەڵبدەیتەوەو بزانە چیت لەسەر گوتراوەو چیت لەسەر نووسراوە ، بە کوردیی، بەعەرەبیی وفارسیی و ئینگلیزیی وفڕانسیی و ئاڵمانیی وسویدیی و ئیسپانیی و تەنانەت بەکۆریاییش و زۆر زمانی تری زیندووی دنیا. بزانە قورسایی و خۆشەویسیی تۆ لەچ ئاستێکدایەو ئازادییخوازان چ بۆچوونێکیان لەسەرت هەیە. ئەو دەیتوانی چیرۆکی فڕاندنەکەی بە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەمێریکیی و ئەوروپاییەکان بەنرخێکی باش بدایە ، بەڵام دوای ئەو قسانەی، خەڵک خۆی لێ بەدوور دەگرێ.

بەڵام بەداخەوە، ئەوە خودی د.کەمال خۆیەتی بەئەو قسانە زیانمەند دەبێت، ئێمە خەباتمان بۆ ئازادیی ئەوکرد، ئەویش چۆن ئەو ئازادییە بەکار دەهێنێت ئازادە، کەسیش بۆی نییە جێگەوڕێگە بۆ د.کەمال دیاریی بکات . بەڵام یەک شت من زۆر ناسۆرم پێی ئەوەیە، کە متمانەو باوەڕ بە ئاکادیمست و نووسەر و ڕۆشنبیر زۆر زیانی پێدەکەوێت و بەڕاستییش پێی کەوت . هەرچەندە کورد هەرچییەکی هەبێت ڕۆشنبیری نییە، ئەو چەند دانسقەی هەشمانە ئەوەندە کەمن، کە ئەم بێ ڕۆشنبیرییە جگە لەتراژیدیا نازانی ناوی چیی لێبنێی. بۆ نموونە هەر ئێستا ئەو شێرزاد حەسەنە بەهەموو مەزنی خۆیەوە لەکوردستان دەسەڵات لێی هەڵپێچێت، خەڵک بەئەگەر و ترس و وردیی و ڕامانێکی قووڵەوە مامەڵە لەگەڵ دۆزەکەیدا دەکات. باوەڕبکە ئەمە هاژوهۆژ نییە ئەگەر بڵێم ئەو پیاوە ( د.کەمال ) تواناو متمانەی ئەوەی پێبەخشرابوو بەهۆی ئەم کەمپەینەوە ، تەنانەت ئەگەر حیزبێکیش دروست بکات، هەزاران کەس وەپاڵێ بکەوتایە،بەڵام ئێستا تەنانەت خووشکەکانیشی پێیان خۆش نییە بەمشێوەیە قسە دەکات.

د.کەمال مێژوویەکی بۆ خۆی دروستکرد ، بەڵام بەچەند ڕستەیەک هەمووی ئاگر تێبەردا، کۆمیتەی ئوستralیای ئەم کەمپەینە نیازی وابوو لەسەر حیسابی تایبەتیی هەندێ برادەر بەفەرمیی داوەتی ئوستralیای بکەن و لەچەندین شاری سەرەکیی ئوستralیادا سیمینار و کۆڕی سیاسیی و ڕۆشنبیریی بۆ بگێڕن ، بەڵام ئێستا ئەگەر ئەم کارە گریمانییە بکرێ لە د.کەمال زێتر لەسیمینارەکاندا کەسیتر ئامادە نابێت!. هەموو نهێنییەکەش ئەوەیە لەژێر کۆمەڵێ مەرجی نامرۆیی و دوور لەبەهای ژیانی نوێ و بە شێوازی لێبوردنی مەرجدار و ستالینییانە ئازاد کراوەو د.کەمالیش ڕاستییەکان دەشارێتەوە. بەڵام لەهەموو دۆخێکدا دەسەڵات تاوانبارەو د.کەمال قوربانیی دەستی ئەو لۆژیکەیە کە دەسەڵات چ سووکایەتی و گاڵتەجاڕییەکی بەسیستەمی داد و دادوەریی کرد و سەرەنجامیش لە دیوەخانەکانەوە بڕیاری ئازادکردنی د.کەمال و بڕیاری ناشتنی "کەس لەسەروو یاساوە نییە" درا، د.کەمال وەک قوربانییەکی دەستی دەسەڵات نابێ پشتی بەیەکجاریی لێبکرێ و سەرزەنشت بکرێ لەم هەڵوێستەیدا. ئازادبوونی ئەو لەژێر زەبری تەوژمی نارەزایەتیی و گوشارە نێودەوڵەتییەکاندا بوو، هەر خۆیشی سەرپشکە لە نەخشەدانان بۆ ژیان و داهاتووی خۆی و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو ئازادییە.

9-پاش ئازادکردنی د.کەمال چارەنووسی کەمپەین بەرەو کوێ؟لەکاتێکدا برادەرانی ژووری کوردستان یونایتد بە راگەیەندراوێک کۆتاییان بە کەمپەینی خۆیان هێنا

عەبدوڵا مەحمود: بی سەروشوینکردن و پاشان 30 ساڵ زیندانی داسەپاندن بەسەر دکتۆر کەمالدا بەیاساکانی بەعس، ڕوداویکی کەم وینەی ناياسايي و نامرۆیی ئاشکرا بوو، بۆیە بەرەی پیشکەوتنخوازی کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەتی و ڕوناکبیران و نوسەرانی پیشکەوتنخوازی لە تاراوگە بەجۆریک تەکاندا، کەوای کرد بە زەرورەت بزوتنەوەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیروراو ڕوژنامەگەری ئازاد.... جۆریک لە ریکخراوبوون بە خۆیبدات، ئەم کەمپەینە ئەو شیوازە سەرەتاییەی ڕیکخراوبوون بوو، دەمەوی لیرەوە ئەوە بڵیم مادام بنەمای پیکهاتنی ئەم کەمپەینە لانی کەم لە ڕوانگەی ئیمەوە" وەکو کەمپەینی ئازادی بۆ د.کەمال- کۆمیتەی سەرپەرشتیکار" بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیرورا و چاپەمەنی و بەیان و بلاوکردنەوە...... بوو، تائەوکاتەی هەموو ئەمانە لەکوردستاندا بەکردەوە وە لە یاسادا جیگیر نەکرین، ئیمە دریژە بەکارو هەڵسوڕانی خۆمان ئەدەین، دیارە ئەم سوربونەی ئیمە بەومانایە نیە، کە دریژە بەهەمان کەمپەین دەدەین کە ناوی کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەیدقادر بوو، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە، بڵیم لە چوارچیوەیەکی راقی تر و پیشکەوتوترو ڕیکخراوترو فراوانتردا، دەبی دریژە بەکارەکان بدریت من خۆم پیم وایە دەبی لەژیر ناویکی لەچەشنی " ڕیکخراوی بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیروڕادەربریندا" یان ناویکی لەم بابەتە بیت، کە برادەرانی هەڵسورینەری کەمپەین کاری ئاسایی خۆیانی تیادا دریژە پیبدەن و لەو شوینەش کە پیویستی کرد کەمپەین وەریبخەنەوە ئەمەش بۆئیمە بۆتە پیویستیەک بەچەند هۆکاری زۆر سادە.

1- لەجەرگەی کەمپەینەکەماندا، چەندین کۆمیتە لە وولاتەکانی وەکو سوید، ئوستراليا، نەرویج، ئەڵمان، هۆڵەند.....پیکهاتن، کە هەموويان ناويان کۆمیتەی بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیرورايە، و هەمووشیان ئیستا نوینەریان لە کۆمیتەی سەرپەرشتیکاردا هەیە، بۆیە کەمپەین لەچوارچیوەی هەڵسورانی خۆیدا شیوازیکی ڕیکخراوبونی بەخۆیەوە گرتووە، هەر ئەم ڕیکخراوبونەش بووبەواتایەکی ڕۆشنتر هەرئەم کۆمیتانە بوون کە توانیان لە پەیوەند بەدۆزی د.کەمالەوە خۆپیشاندان لەبەردەم سەفارەتی ئەمریکا لە زۆریک لە وولاتەکان سازبدات.

2- کەمپەین بە ئازادکردنی د. کەمال لە ڕیگای ئەو گوشارانەی خستیە سەر پارتی و سەفارەتەکانی ئەمریکاو نەمساو، وە بە بەخەبەرهینانی هیزیکی گەورەی ئازادیخوازی لە دەرەوەی وولات، وەبەنیشاندانی پیداویستی ڕیکخرابوون، و سەرئەنجام بەو ئاکامە دڵخۆشکەرەی بەدەستی هینا، من پیم وایە سەرکەوتنیکی گەورەی ئازادی و ئازادیخوازی بەکردەوەی تۆمارکرد کە لە میژووی نزیک بە 15 ساڵەی رابردووی کوردستاندا بیوینەیە.

بۆیە ئیمە ئیستا بەو سەرمایە لە وانەو تاقیکردنەوەکانی ئەم کەمپەینە، وە بەو ماتریالە ئینسانی و ڕیکخراوەی کە لە کۆمیتەی سەپەرشتیکارو کۆمیتەی وولاتەکاندا هەیە، چارەنووسی ئەم کەمپەینە بە ئاقاری گۆرینی بە ڕیکخراویکی فراوانی جەماوەری و کۆمەڵایەتی وسەربەخۆ، کە ئامانجی بەرگری لە ئازادی سیاسی و بیرورا و چاپەمەنی و بلاوکردنەوە رادەربرین و ریکخراوبون...... ڕووبەڕووین، و هیوادارم لەو ئەرکە پربەهاو زۆر پیویستەدا وەکو هەمیشە بەرەی پیشکەوتخوازی کوردستان، لەهەر شوینیک هەن، لەگەڵ ئیمەو کۆمیتەی وولاتەکاندا، دەست بەکار بن.

لەکۆتاییدا سوپاسی هەریەک لەو بەڕێزانە دەکەم ، بڕیار بوو کاک ڕێبوار عارفیش بەشدار بێت ، بەڵام نەمانتوانی دەستمان پێی بگات لە ئێستادا، پێم وایە کاک عەبدوڵا مەحمود بەشی ئەویشی وەڵامداوەتەوە.